سەد کەس بە تەهەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەستگیرکران

بەڕێوەبەری هاگیاندن و پێوەندیە گشتیەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، تەنها لە مانگی یەکی ئەمساڵدا 116 کەس بە تەهەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین دەستگیرکراون، لەو ژمارەیش پێنجا کەسیان فرۆشیارن.

سەلام عەبدولخالق، بەڕێوەبەری هاگیاندن و پێوەندیە گشتیەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بە میدیاکانی ڕاگەیاند، لە مانگی یەکی ئەمساڵدا 116 کەیسی ماددەی هۆشبەرمان هەبووە، لێنوێیاندا 50 کەسیان فرۆشیار و 64 کەسیش بەکارهێنەرن.

وتیشی: "لە مانگی دووشدا بازرگانی نەودەوڵەتی ماددەی هۆشبەرمان هەبووە و دەستگیرمان کردووە، بازرگانەکان ئەوانەن لە سەرووی کیلە گرامەوە داخڵی هەرێمی دەکەن و لە ڕێگەی کەسانی ترەوە دەست دەکەن بە دابەشکردنی".

دەزگا ئەمنیەکانی هەرێم بەردەوام، دەست بەسەردا گرتنی بڕێکی زۆر ماددەی هۆشبەر ڕادەگەیەنن، بەرپرسانی هەرێم دەڵێن هەرێم بووەتە ڕێگەوی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر لە ناوچەکانی ئێران و ئەفغانستانەوە بە وڵاتانی ئەوروپا، بەشێکی زۆر لە بازرگانەکانیش لە نێتەوەی کوردن، لەگەڵ ئەوەشدا

هۆشداری زیاتر بۆاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە ناوخۆی هەرەمیش دەدەن.

عەمید سەلام وتی: "بەشێکی زۆر لە بازرگانەکان کوردن، بە تایبەت ئەوەی ناو شارەکان هەموویان کوردن و هەرەمیش وەک ترانزێت بەکار دەهێنرێت بە هێناردەی ماددەی هۆشبەر".

بە پێی ئامارەکانی دەزگای ئاسایشی هەرەمی کوردستان لە ساڵی 2023دا، 991 حاڵەتی دەستگیرکردن وەک بازرگان و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر هەبووەو 398 کیلۆ ماددە جۆراو جۆرەکانیش دەستی بەسەرداگیراوە.